
# کوکوختیە بزێوەکە




نووسینی: شێرکۆ بێکەس
وێنە: غەمگین فەتاح
ڕەنگکردن: قادر میرخان





له ڕۆژهه‌ڵاتی شاره دێرینه‌كه‌ی "كه‌ركوك" و له باخه گه‌وره‌و
دڵگیره‌كه‌ی ماڵی "نه‌رمین"دا، چه‌ندین گوڵی هه‌مه‌ڕه‌نگ و هه‌روه‌ها
چه‌ندین دره‌ختی به‌رداری جۆراوجۆری تێدابوو، له‌وانه: دارپرته‌قاڵ و،
دارلیمۆو، دارهه‌نارو، دارسێوو، دارقه‌یسی و.. له ناوه‌ڕاستی ئه‌م باخچه‌یه‌شدا
پیره دارتوویه‌كی لقوپۆپ درێژو چڕوپڕ چووبوو به ئاسماندا. به‌م دارتوه‌وه‌و
له نێوان دوو لقی ئه‌ستوری سه‌ر یه‌كانگیردا، كه یه‌كێكیان هه‌ر ته‌واو وشكی كردبوو،
له چه‌ند لایه‌كیشه‌وه كونكون و كلۆر بووبوو. له‌و ئاسته‌دا، كوكوختیه‌كان هێلانه‌یه‌كی
خنجیلانه‌یان بۆ خۆیان دروستكردبوو، هێلانه‌كه‌یان زۆر به جوانی و زرنگانه به پوش و
په‌ڵاش و چیلكه و چه‌وێڵ چنیبوو، هه‌ر ئه‌توت سه‌به‌ته‌یه‌كی بچوكه‌و "با" بردوێتی و
له‌وێدا گیرساوه‌ته‌وه.


باوکی نەرمین بازرگان بوو، کارەکەی کوتاڵ فرۆشی بوو، دەوڵەمەندو پارەدار بوو، بەڵام لە پیاوە باش و خێرخوازەکانی شار بوو، چەندی بۆ بکرایە، یارمەتی هەژاران و لێقەوماوانی ئەداو، وەکو هەندێ دەوڵەمەندی تر، چاوچنۆك و پیسکە نەبوو.




پوری "نەرمین"، خوشکە گەورەی باوکی، کە بە "ئەبڵە" بانگیان ئەکرد. کەوتبوە عومرەوەو شویشی نەکردبوو، ئەویش هەر لەگەڵ ئەمانداو، لەوماڵەدا ئەژیا، ژوری سەرەوەی خانوەکەیان بۆ ئەو تەرخان کردبوو. "نەرمین" ئەوەندەی دایکی و بگرە تۆزێ زیاتریش هۆگری پوری بوو. چونکە گەلێ جار شەوانە کە سەرئەکەوتە سەرەوە ئەچوە ژورەکەی، "ئەبڵە" بە ڕویەکی خۆشەوە باوەشی پیێدا ئەکردو بە دەم و لەبزێکی شیرین حیکایەتی خۆش خۆشی بۆ ئەگێڕایەوە، هەتا لە باخەڵیا خەوی لێئەکەوت.



ژوورەکەی "ئەبڵە" بەسەر هەموو باخەکەدا ئەیڕوانی. زۆرجاریش "نەرمین" لەبەر پەنجەرەکەدا ڕائەوەستاو حەزی ئەکرد گوێ لە خوێندنی کوکوختیەکان بگرێ. سەیری ئەو هەموو گوڵجاڕو دارودرەختانە بکات و لێیان وردبێتەوە. ئەیویست و مەراقی بوو، هەروا دووراودوور چاودێری کوکوختیەکان بکاتو بزانێ لە وەختی هەڵفڕین و نیشتەنەوەدا چی ئەکەن و چی ناکەن!






**لەو هێلانەیەدا، دایکەو باوکەو، دوو بێچووی هێشتا بە تەواوی پەڕوباڵ نەگرتوو ئەژیان. باوك و دایکیان ناویان لێنابوون، بەچکە گەورەکەیان ناوی "ترێ" و ئەوی تریان ناوی "تەرزە" بوو، تەرزە تۆزێ بزوێو و لاسار بوو. جێی بە خۆی نەئەگرت، پەلەپەلکەر بوو، ئەیویست بەرلەوەی بە تەواوی پەڕوباڵ دەرکاو فێری فڕین ببێت، هێلانەکە بەجێ بێڵێ و بچێتە دەرەوە.**



**ئەم سەرچڵی و بزێویەی بوە هۆی ئەوەی، جارێکیان لە نێوان دوو چڵی تێکئالاۆدا گیربخوات و نەتوانێ دەربازبێ. ناچار بۆ ماوەی چەند سەعاتێ لەوێدا عاسی بوو تا ئێوارە دایکەو باوکە گەڕانەوەو بە دەنوك پەلك و گەڵاکانیان لەسەر لابردو ڕزگاریان کرد!**



**هەموو شەوێکیش کە پێکەوە لە هێلانەکەی خۆیاندا سەریان ئەنا بە سەری یەکەوە، دایکەو باوکە، ئامۆژگاری هەردووکیان ئەکردن. کە وەختێ ئەمان ڕۆژانە لەماڵ نین. ئاگایان لە خۆیان بێت و نەچنە دەرەوە.**

**شەوێکیان، دایکە، بە تەرزەی وت:-تەرزە گیان! تۆ نابێ ئەوەندە بزێوی بکەیت، خوا ئەزانێ، ڕۆژانە من هەر دڵم لای تۆیە! ئاخر تۆو "ترێ"یش هێشتا هەر بچکۆلەن و ئەوەڵی باڵەفڕێتانە، بۆیە ئەبێ زۆر زۆر ئاگاتان لە خۆتان بێت، با مارومێروی خراپ زەرەرتان پێنەگەیەنن..**


**جگە لەوەش دارەکە پیرەو کلۆری زۆرەو چڵ و لقەکان زۆریان وشکەڵاتوون، ئەبێ وریای بەرپێی خۆتان بن، بەڵام چاکتر وایە ئەگەر بە قسەی دایك و باوکی خۆتان ئەکەن، هەر لەناو هێلانەکەدا بن و توخنی دەرەوە مەکەون!**

وەرز بەهارێکی جوان و دڵفڕێن بوو. لە هەموو لایەکەوە دنیا سەوز ئەچۆوە. ئەو ڕۆژە هەوایەکی فێنکی هەبوو، ئاسمانیش ساماڵ و یەك پەڵە هەوری پێوە نەبوو.

ئەو بەیانیە "نەرمین" زوو لە خەو هەستابوو. ئانیشکی دادابوە سەر قەراغی پەنجەرەکەو تەماشای دەرەوەی ئەکرد. لەو وەختەدا هەردوو کوکوختیەکە چوونە سەر لێواری هێلانەکەو لە شەقەی باڵیان داو بەرزبوونەوەوچوونە ئاسمان و وردە وردە لە چاوی نەرمین دوورکەوتنەوەو لە ئاسۆدا وەك دوو خاڵی زۆر بچوك ونبوون!.

–ئەوە چوون بۆ ئیشکردن.. "ئەبڵە" وا ئەڵێ، بۆ ئەوەی خۆراك بۆ خۆیان و بەچکەکانیان پەیدابکەن "






نزيك نيوەڕۆ دايكەو باوكە گەڕانەوەو هەندێ خۆراكيان لەگەڵ خۆياندا هێنايەوە بۆ ناو هێلانەكە.

لە عەسردا جارێكی تر هەڵفڕينەوە، ئەمجارەيان دوای ئەوەی دووركەتنەوە، "تەرزە" بە باڵەفڕێ چوە سەر قەراغی هێلانەكە. هەرچەند "ترێ" هاواری لێكرد، بێسوود بوو، دەستی كردەوە بەلاسارييكردن و دەيويست وەك باڵدارێكی گەورە بچێتە ئاسمان و دنيا بگەڕێت.



-مەکە! گیانە، مەکە! دایکەو باوکە چییان وت؟! لەبیرت چۆوە؟! بەڵام تەرزە هەر وەکو لەگەڵ ئەویان نەبێت وابوو، فرتەیەکی بۆ کردو خۆی هەڵدایە سەر لقە وشەکەکە.. دیسانەوە ویستی باڵە کورتەکانی بکاتەوەو بفڕێت لەپڕ بەسەردا کەوتە ناو کونێکی قوڵەوەو لەچاو ونبوو.



**دوای ساتەوەختێ کە "ترێ"ی خوشکی گوێی ڕاگرت و گوێی لە دەنگی باڵەفڕێ و جووکەجووکی تەرزە نەبوو. دڵی داخورپاو، خێرا لە هێلانەکەوە سەری بردە دەرەوەو زانی چی قەوماوە! زانی کارلەکار ترازاوەو "تەرزە" کەوتۆتە ناو قوڵایی کلۆرە دارەکەوە، ئیتر خەمێکی قورس دایگرت، لە دڵی خۆیشیا وتی: من هیچم پێ ناکرێ!.. چۆن چۆنی دەریبێنم؟! ئای خوایە کەوتۆتە کوێوە؟! بڕواناکەم دایکەوباوکەش هیچیان پێ بکرێت؟!**



تۆزێکی تری پێچوو کە گوێی ڕاگرت وەك لە بنی بیرێکی قوڵەوە نوزەو جوکەی "تەرزە" ببیسێ وابوو.. ئەمجارە لە دڵی خۆیدا وتیەوە: سوپاس بۆ خوا کە نەمردوەو ماوە.. لەوانەیە برینداریش بووبێت.. من هیچم پێناکرێ.. ئەبێ هەر چاوەڕوان بم تا دایکەو باوکە ئەگەڕێنەوە.. خۆزگە ئەمڕۆ زووتر ئەگەڕانەوە..

بوو بە عەسرێکی درەنگ، "نەرمین" هاتەوە بەر پەنجەرەکەو سەیرێکی باخچەکەو دارتوەکەی کردەوە.. بەڵام ئەو نەیزانی چی ڕویداوە!


ئەو ڕۆژە تا دەمەو ئێوارە "ترێ" شپرزەو غەمگین بوو، ئەتوت لەسەر ئاگرە. نەیئەزانی چی بکات و تەرزەیش لەناو کونەدارەکەدا گیری خواردبوو. باش بوو ئەوەندەی نەخایاند خۆزگەکەی "ترێ" هاتە دی و دایکەو باوکە وەك دڵیان خەبەری دابێت، ئەم ئێوارەیە تۆزێ زووتر گەڕانەوە.

هەر لەگەڵ نیشتنەوەدا وەختێ "ترێ"یان بە تەنها بینی ئیتر زانیان شتێك قەوماوە! ئەوسا "ترێ" بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە وردی ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە.



**دایکەو باوکە هەردووکیان چوونە سەر لقەکەو گوێیان نا بە کونە دارەکەوە، ئەو شوێنەی تەرزەی تێکەوتبوو. کونەکە قوڵ بوو. دەمی کونەکەیش بچوك بوو. لە دەرەوە ساغ و لەناوەوە بۆش بوو. ئەتوت بەدەست هەڵکۆڵراوە. قەیرێکی باش تەماشای ناو کلۆرەکەیان کرد. نووزە نووزی "تەرزە" لە بنەوە، بە ئاستەم ئەگەیشتە گوێیان، ئەمان لەوە گەورەتر بوون بەو کونەدا بچن، خۆ ئەگەر بیانتوانایە بچنە خواریشەوە ئەی چۆن دوایی بهاتنایەوە دەرێ؟!..**





دوای ساتێ بێدەنگی و دۆش دامان، دایکە وتی:

–من تا ئێستا کونەداری وام نەبینوە! ئەمە ئەبێ ئیشی مارومێرو یان خۆرکەو شتی وا بێت.. نازانم.. کونەکە قوڵەو هەر یەك دەرگەیشی هەیە. پێئەچێ کلۆرەکە لە سەرەوە تەسك و لە خوارەوە پانتر بێ.. تەرزەیش لەناوەڕاستدا گیرسابێتەوە. لەوانەیە برینداریش بووبێت. ئێمە هیچمان پێناکرێ..

ئینجا باوکەکە وتی: ئەی بە کێ ئەکرێ؟!

هەروەها "ترێ"یش هاواریکرد:

-ئەی چۆن؟! چیبکەین؟! ئای خوایە..


دایکەکە وتی:


من هاوڕێیەکی خۆشەویستم هەیە جارێك لە تەنگانەدا بەفریای کەوتووم. من نەبوومایە تیائەچوو.

هێلانەکەی کەوتۆتە نێو باخەکەی سەروو خۆمان. مەگەر هەر ئەو بتوانێ فریامان بکەوێت.

ئەم ئیشە هەر بە دەنووکە تیژەکەی ئەو ئەکرێت. ئەویش دارکونکەرەیەکی ئاشنامە..

من ئەبێ زۆر زوو بگەمە لای وتکای لێبکەم بێت بەهانامانەوە. دایکەکە ئەمەی وت و لەشەقەی باڵیداو فڕی
م





وەختێ گەیشتە ماڵی دارکونکەرەکە، لەوە ئەچوو ئەویش تازە گەڕابێتەوە.. بە دەم هەنیسک هەڵدانەوە لە نووکەوە حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە. لە دواییدا دارکونکەرەکە کەوتە دڵ خۆشیدانەوەی کوکوختیەکەو پێی وت: -من چاکەی تۆم لەبیر ناچێتەوە. لەو ڕۆژە توشەدا ئەگەر ئەو یارمەتی و خۆراکەی تۆ نەبوایە خۆیشم و بەچکەکەیشم لە برساندا ئەمردین! بەسەرچاو هیچ خەمت نەبێت. ئەو کارە بۆ من ئاسانەو مادام لقەکەیش وشکەو تەڕو پتەو نیە ئەتوانم لە ماوەیەکی کەمدا کونێکی باش بکەمە دارەکەو "تەرزە" ڕزگار بکەم.

کە دارکونکەرەکە ئەمەی وت، کوکوختیەکە لە خۆشیاندا باوەشی پیاکردو چەند جارێک لەسەریەک ماچیکرد.. "فەرموو بابڕۆین" دارکونکەرەکە وای وت و ئیتر هەردووکیان لە شەقەی باڵیانداو بە گورجی ڕێگایان بڕی تا گەیشتنە هێلانەی کوکوختیەکان.




باوکە زۆر شڵەژاو و شپرزە بوو هەر هاتوچۆی بوو، "ترێ"یش ئەوەندە گریابوو، هەردوو چاوی بووبوون بە گۆمی خوێن!. لە پێشدا دارکونکەرەکە گوێی نا بە لقەکەوە. بە حاڵ گوێی لە جووکەجووکی "تەرزە" بوو. زانی لە کوێدا گیری خواردوە.


دارکونکەرەکە وتی: ئەم کونەو بەمجۆرە شتێکی سەیرە، من ڕێکەوتی کونی نالەباری وام نەکردوە.

دوای ئەوەدارکونکەرەکە لەمدیوەو ڕێك لەو ئاستەدا کە خۆی بە دەنووك نیشانەی کردبوو..
کەوتە هەڵکۆڵین. دەنووکە تیژەکەی خستەکار. خێراخێراو یەك لەسەر یەك. بێ ڕاوەستان.
دەنووکی ئەوەشاند. دەنووك لە دوای دەنووك. تا چاڵێکی کردە دارەکە. ڕاوەستاو پشویەکی دا.
ئارەقێکی زۆری کردبۆوە. دیسانەوە کەوتەوە دەنووك وەشاندن.
دایکەو باوکەیش لەولا ترەوە، هەڵکورمابوون و "ترێ"یش لەنێو پووش و پەڵاشی هێلانەکەوە
سەری هێنابوە دەرەوەو چاوەڕێی مژدەیەکی خۆش بوو. هێشتا خۆرئاوا نەبووبوو. دارکونکەرەکە
کونێکی کردە  دارەکەو ئیتر بە چەند دەنووکێکی تر کونەکە فراوانتر بوو.






**لە پێشدا سەری تەرزە دەرکەوت. ئینجا باڵەکانی کە تۆزێ خوێنیشیان پێوە بوو. ئیتر دوای ئەوە دایکەو باوکەو دارکونکەرە، یەك لە دوای یەك باوەشیان پیاکردو کەوتنە ماچکردنی. دیاربوو تەرزە تۆزێ بێتاقەت بوو. باوکە کردیە باوەشی و بردیەوە ناو هێلانەکە. "ترێ"یش لە خۆشیاندا هەر باڵەفڕێی بوو، ئەویش گەشایەوەو فرمێسکی خۆشی زایە چاوەکانی و، من ئەڵێم دە، تۆ بڵێ سەد ماچی زیاتر کردوە! ئیتر هەموویان لە دڵەوە بە گەرمی سوپاسی دارکونکەرەکەیان کرد.**




لەبەرئەوەی خەریك بوو كات درەنگ بێ، ئەوسا داركونكەرەكە ڕوخسەتی لێ خواستن كە ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئەوانیش بە ڕوویەكی خۆشەوە خواحافیزیان لێكردو ئەویش لە شەقەی باڵیداو پاش تۆزێ لەچاو ونبوو. ئیتر ئەو شەوە لەناو هێلانەكەدا كردیان بە ئاهەنگ و "تەرزە"یش بەڵێنی ئەوەی پێدان كە تا بە تەواوی باڵ نەگرێ لە هێلانەكە نەچێتە دەرێ!.




**ماوەیەکی باش بەسەر ئەو بەسەرهاتەدا تێپەڕیبوو. عەسرێکی درەنگ بوو. نەرمین لە ژورەکەی "ئەبڵە"و هەر لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو تەماشای باخچەکەو گوڵ و گوڵزارو درەختەکانی ئەکرد. لە پڕێکدا شتێکی سەیری بینی. تەماشای کرد: ئەمجارە لە هێلانەی کوکوختیەکانەوە هەر دایکەو باوکە بە جووتە هەڵنەفڕین، بەڵکو بووبوون بە چوار و بە ئاسمانی باخچەکەدا ئەسووڕانەوە. "نەرمین" بە بینینی ئەم دیمەنە هەر تەواو دڵخۆش بوو. زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوەکانی و ئاوڕێکی بۆ ناو ژوورەکە دایەوەو هاواریکردو وتی:**

–ئەها "ئەبڵە" ئەها.. ئەوە هەردوو بەچکەکەیش گەورە بوون و باڵیانگرت و لەتەک دایک و باوکیاندا کەوتوونە فڕین.. خۆزگە منیش وا زوو گەورە ئەبووم.. وەرە.. تۆ وەرە "ئەبڵە" گیان.. بیانبینە!







کوکوختیە بزێوەکە

نووسینی: شێرکۆ بێکەس

وێنە: غەمگین فەتاح

ڕەنگکردن: قادر میرخان

پڕۆژەی کتێبی منداڵ:(١٧)

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرپەرشتیار: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

چاپ: ئۆفسێتی شڤان

نرخی:(٥)دینارە

2003